کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-9-2007 22:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەڵامێک بۆ بەڕێز باوکی شاهۆ دەربارەی فیلەتەنەکەی یەکێتی خوالێخۆشبوو (جەبارفەرمان) وقسەکانی دکتۆر ئەرسەلان بایز .. سڵاویکی بێلایەنانە ... باوکی شازاد**

برای خۆشەویستم ئەگەر جەنابت هەموو نوسینەکانی منت خوێندبێتەوە قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان من ئەم ووتوە کەسێکی بێلایەنم لەبەر ئەوەی من نابینم لە کوردستان کەسی بێلایەن هەبێت بەتایبەتی لەناو چینی ڕۆشنبیرەکان بۆیە منت بە بێلایەن داناوە ئەوە ش غەدرێکە بۆ خۆی پێویستی بە وەڵامدانەوەیەک هەیە، من هەردەم ووتومە من کادیرێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم بەڵام لەم نوسینەمدا کە لەسەر قسەکانی کاک هەڵگورد دواوم ووتومە وەکوو کەسێکی بێلایەن لەم مەوزووعە واتە نە خزمی جەبار فەرمانم و نە خزمی دکتۆر ئەرسەلان بایزیشم وە نە دژی بنەماڵەی بەڕێزی شەهید (جەمیل ڕەنجبەریشم) تەنهاو تەنها لەم شتانە بێلایەنی خۆمم ڕاگەیاندووە. دەربارەی کە من ڕاسپێرراوم لە جیاتی سەرکردەکانی یەکێتی وەڵامی خەڵک بدەمەوە و بەرگریان لێبکەم لەوەیان زۆر بە هەڵە چویت من هێچ کارێکم بەوانەوە نیە ماوەی 11 ساڵە لە دەرەوەم واتە لە پاش 31 ئابەوە تەنها 2 جار گەڕاومەتەوە کوردستان ئەویش بۆ کاری تایبەتی خێزانی خۆم وە لەم دوو سەفەرەشم کەسێکم نەدیوە لە سەرکردەکان بۆ دەرمانیش، باشە دەبێ چی کارێکم پێیان بیت؟ ناکات شکی ئەوە بکەیت کە بۆ ئەرزە وەرگرتن بەرگریان لێ دەکەم باوەڕ بکە من پێش چەند ساڵ لەوە پێش موافەقەی زەویم وەر گرت لە زەمانی ئیدارەکەی سلێمانی بەڵام لەبەر ئەوەی سەر بەکەسێک نەبووم زۆر بە ئاسانی لەلایەن (عوسمان شوانی) کە برادەرێکی شەخسی خۆم بوو خەڵکی یەک ناوچەش بووین واتە باوک و باپیرمان یەکتریان ناسیوە ڕەفز کرایەوە بە بیانوی ئەوەی دەبێ خۆم بچمەوە کوردستان لە بەر دەمیان ئامادە بم ئینجا زەویەکەم پێ دەدەن منیش نەچووم و زەویشم وەرنەگرت هەرچەندە خۆم زۆر بە موستەهەقیش دادەنێم بەڵام شتێک کە وای لێهات هەر نەبێت باشترە، هەرچەندە پاش یەککگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەش برادەرێکی خۆشەویست ئەمرەکەی برد بۆ لای (حاکم قادر) بەداخەوە ئەویش نوسراوێکی بە ئیمزای بەڕێز (نێچیروان بارزانی) لە پێش دانابوو کە زەوی دابەش کردن وەستاوە کەچی لەم ماوەی پێشتر لە ناو یەکێ لە سایتەکان شتێکم بەرچاو کەوت وەڵامێکی حاکم قادر کە گوایە پارچەیەک زەوی داوە بە خزمێکی ژنەکەی بەو دواییە، جەنابی حاکمیش لە وەڵامەکەی دەڵێ ئەوکەسە پێشتر ئەمری وەزاری هەبوو هەقی خۆی بووە دیارە (بانێکەو دوو هەوا) ئێمە لە دایکە عارەبەکەین بۆیە بێبەشکراین، لێرەوە منیش دەڵێم دەک ماڵی دڕۆکانتم وێران کردبێت وای کە چەند حاکمێکی نا عادیلانە بوویت هەی گەندەڵ سومعەی ئەو یەکێتیە پاك و خاوێنە چەند گەندەڵێکی وەکوو تۆ بردیان دەبوایە تۆ دادگایی بکرایتە پاش دەرچونت لە لێپرسراویەتی شارەوانی سلەیمەنی پەنجە بکرابایە بە قورگت هەرچی خواردوتە بتهێنابوایەوە نەوەک پلەو پایەی تازەت پی بدرێت.

باسی شەڕی برا کوژیت کردوە بەبێ ئەوەی من تۆ بناسم پێت دەڵێم کە من لە تۆوو زۆرەها کەسی تر لە شەڕی براکوژی زیانم پێ گەیشتوە من باسی زیانی ماددی ناکەم من ئەوەندەی خەڵکم لێ کوژراوە لە شەڕی ناوخۆ ئەوەندە لە شەڕی بەرگری کردن لە وولاتەکەم نەکوژراون بەداخەوە، بە نیسبەتی نوسینەکانم لە ژێر پەردەوە بەڵێ لەبەر ئەوەی ئەگەر لە پێش پەردەوە بنوسم دەزانم خۆم و خزم و کەسم زەرەر مەند دەبنمنیش نامەوێت کەس لە نێوچەوانی منەوە تووشی سەر ئێشە ببێت موشکیلەیان زۆر کەم نیە هی منیس بیتە سەر هەرچەندە من باوەڕم بەخۆم هەیە نە بێڕێزی بە کەس دەکەم وە نە بەشێوەی ڕەشە کوژی هێرش بکەمە سەر خەڵک ئەوەی کە بە مافی خۆمی دەزانم ئەوە دەنوسم وە باوەڕم بە هەموو جۆرە سەربەستیەک هەیە کە خەڵک بۆ خۆی هەڵی دەبژێرێت هەردەم هەست دەکەم کە هەندی شت هێڵی سورە نابێ خۆی لێبدەم بە تایبەتی ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە ئاسایشی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەتەوەییم هەیە، ئەگەر جەنابت تۆزێک خۆت ماندوو بکەیت لە ناو ئەرشیفەکانی کوردستان نێت تەماشای بابەتەکانی من بکەیت کە نوسیومە ئینجا خۆت هەست دەکەیت کە من بەرامبەر دزوو گەندەڵچیەکان چیم نوسیوە، بەڵام بە داخەوە ئێمەی کورد تەنها ئەو شتانە دەخوێنینەوە کە باسی خۆمانی تیا کرابێت بە خراپە یان بە باشە وەیان شتێک بێت لە بەرژەوەندی یان زەرەری ئەو لایەنە بێت کە خۆمانی تیاین بە کوردیەکەی ئەگەر هەر بابەتێک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خۆمانەوە نەبێت ئیهمالی دەکەین، زۆر بابەتی گرنگ دەنوسرێت کەسمان هەر تاقەتی خوێندنەوەشی نیە کەچی ئەگەر بیانخوێنیتەوە شایانی ئەوەن کۆڕ و کۆبونەوەی لە سەر بکرێت بەڕاستی خەڵکی زۆر لێهاتوو ڕۆشنبیرمان هەیە وە بابەتی زۆر بە پێزوو بەکەڵک دەنووسن لە گەڵ ئەوەشدا کەسانی ئاست نزمێش هەیە مەبەستم نوسینەکانە دیارە ئەو کەسە هەر ئەوەندە سەری لی بڕ دەکات نابی گلەیی لێبکرێت دەبێ هانیان بدەین خۆیان پێشبخەن برینی هەزاران کم بە هەنگاوێک دەست پێ دەکات، هەروەکوو چۆن باسی لێپرسراوەکانیش دەکەین مەبەستمان خۆ چاککردنیانە نەوەک ئیهانە کردنیان یاخود سوکایەتی بەو پارتەی کە ئەو کەسانەی تیایە هیوادارم بە سنگێکی فراوان لێمان وەر بگرن وانەزانن ئێمە ناحەزی ئەوانین مەبەستمان تەنها چاکسازیو پێشکەوتنی گەلی کوردە، ئێستا بۆ ووێنە جەنابت بە ناوی باوکی شاهۆوە هاتویت بەرگری لە کاک هەڵگورد دەکەیت لە قسەکانت دیارە کە پەیوەندیەکتان لە گەڵ یەکتریدا هەیە وەلەوانەشە هەر خۆت هەڵگورد بیت ئەمجارەیان بە ناوی شاهۆ وەڵام دەدەیتەوە هەروەکوو بەڕێز دکتۆر (کەمالی سەید قادر) پێش ماوەیەک لەمەو بەر خەڵکانی بەناوی باوکی مناڵەکانی خۆیان شت دەنوسن بە کەسانی ترسنۆک ولە پشتی لانکی بەبەکان شت دەنوسن ناومان دەبات دەڵێت با خەڵک وەکوو من ئازابن بە ناوی خۆیان بێنە مەیدان و شت بنوسن، من ئەوە ناکەم. کەسیش لە سەرکردەو بن کردە کان جگە لە چەند برادەرێکی نزیکی خۆم و بەڕێز کاک عومەر فارس بەڕێوەبەری کوردستان نێت نەبێت کەس نازانێت من کێم تاکوو خۆت ووتەنی پاداشتی قسەکانم لێیان وەر بگرمەوە.

جەنابت دیارە بەهەلە لە نوسینەکەم گەیشتویت بایی ئەوەندە سەرمان لە سیاسەت و مێژووی سیاسەت دەر دەچیت کا بزانین کوتلەی سجن کێن و لە کوێ ئەو ناوەیان لێنراوە لە سایەی خوا ئێستا کۆمەڵێک کوتلەی تازە پەیدا بوە کی باسی کوتلەی سجن دەکات لەبەر ئەو کوتلە مۆدێرنانەی ئێستا، من نەم ووتوە لە بەندیخانە بەڵکوو باسی کاتی شاخم کردوە لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێزانەی لە کاتی لە بەندیخانە بوون ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێپرسراوەتی گەورەیان هەبوو لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە کاک جەبار فەرمانیشەوە دیارە ئەوانەی کە سەرکردە بوون زۆربەیان لە سێدارە دران، بەڵام ئێستا زۆرن ئەوانەی کە باسی خۆیان دەکەن باوەڕ بکە کەسی وا هەبووە زۆر ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ناو ئەو حیزبە ئێستا کەس هەر باسیشیان ناکات دیارە بێ شانس بوونە، هەرواش دەبێت شتێکی زۆر سروشتیە خۆ هەموو کەس نابێت بە سەر کردە دەبێ هەندێکیشمان بن کردەبین، باسی دەرمانخواردی کاک جەبارت کردبوو ئەوەی من دەیبینم شتێکی وا لە ئارا دا نیە کە دەستێک هەبووبێت لە پشتی نەخۆشیەکەی کاک جەبار وەئەوەی یەکیتیش بناسێت دەزانێ شتی وا لە ناو یەکێتی ڕونادات لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی ئەوان بە شێوەیەکی دەستەو جەمع دەر دەچێت نەوەک لە لایەن تاکە کەسێک هیچ کەسێک ناتوانێت شتی وا بکات نە هەڤاڵ مام جەلال و نە هی تریش هەریەکیش کاری وا قێزەون بکات لە ناو یەکێتی جێی نابێتەوە، ئەگەر جوان تاماشای نوسینەکەی منت کردبێت من ووتومە کاتی وا هەبووە جەبار فەرمان دەستی کراوە بوە هەرچی کردبێت کەس پیی نەدەوت کاکە ئەوە هەڵەیە نابێ بکرێت لەبەر ئەوەی ئەوساکە سیاسەت ئاوابەڕێوە دەچوو هەڵەبێت یان نا بۆ ئەوەی هەرکەسەو بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەر نرخێک بێت خۆی لە مەیدانەکە فەرز بکات دەبوایە شێوەی توندوو تیژی بەکار بێنیت هەروەک لە کارەساتی هەکاریش ڕویدا لە قرناقەو پشت ئاشانیش کاتی لێدانی برایانی حیزبی شیوعی هەروا بێجگە لە شەڕەکانی پاش پرۆسەی ئازادی کەس گویی نەدەدا بە هیچ ئەخلاق پرانسیپ وبنەمایەکی کۆمەلایەتی لە کاتی شە ڕەکاندا دەبوایە دیلەکان لەجیاتی ئەوەی ئازاد بکرێن یان بدرێن بە خاچی سوری نێو دەولەتی یەکسەر تەسلیم بە پیاو کوژەکان دەکران بە پەلە ئەوانیش لە کەلێنێک دەیانکوشتن و تەرمەکەشیان فرێ دەدا ئەگەر کەسێک لە ڕێی خودا بیهێنابوایەوە تەسلیم بە کەسوو کارەکەی بکردایە یان گۆڕێکی بۆ هەڵکەندبایە بیشاردبایەوە، بەڕای جەنابت من دەست خۆشی لە هەڵگیرسینەرانی شەڕی خۆ کوژی دەکەم؟ زۆر دورکەوتیتەوە نیشانەکانت نەپێکاوە بەڵکو زۆر سەرچێغ چویت لەبەر ئەوەی ئەگەر من وابوومایە ئیستا لە کوردستان دەبووم، وە لە ڕیزی لێپرساوە گەندەڵەکان دەبووم بەڵام هەر لە زووەوە من دژی ئەو شەڕانە بووم لەبەر ئەوەی دەمزانی تەنها کوڕی خەڵک بە کوشتدانەو کات بەفیرۆ دانە بۆیە نەمتوانی خۆم بگونجێنم لە گەڵ ئەو جۆرە سیاسەتە، هەرچەندە من قەت لەگەڵ ئەوەنیم دیل بکوژرێت بەڵام بۆچی دەبێ دوژمنانی گەلەکەمان کە بەدیل دەگیرێن موعەزەز مۆکەڕەم ئازاد بکرێن بۆ پێشمەرگەیەیەک یان کادیری حیزبێک لە شەڕی ناوخۆ بگیرێت دەبێ یەکسەر بکوژرێت ئەوە کەی ڕەوایە؟ دەبوایە بە پێچەوانە بوایە، هەر لەبەر چەند هۆکارێکی وایە لای من سەرکردەکان موقەددەس نین وە کەسیش بە قەڵەم و قسەی باش نابێت بە سەر کردە لە کوردستانی ئێمە هەتا ئەوانەی بەویراسەتیش پلەی سەرکردایەتیان بۆ ماوەتەوە دەبێ دڵ ڕەق و بی بە زەیی بن ئینجا خەڵک پێیان دەڵێت بەڕاستی لە سەر کردە دەوەشێتەوە دیارە باوکی ووجاغ کوێر نەبوە ئەو شێرەی لە دوای خۆی جێ هشتوە ئەوەیە واقیعی میلەتەکەی ئێمە بمانەوێت یان نا ئیمڕۆ قسەی ئەوان دەیخوات، من نە ووشکە سۆفیم و نە دەروێشی تەریقەتی حیزبیم بەڵام من کەسێکم ئەگەر باسی دوژمنیشم بکەم نامەوێت بە قسەی ناشیرین بریندار بکەم بە تایبەتی باسی شتێک بکەم کە پەیوەندی بە خێزانی ئەو کەسە هەبێت بە داخەوە دەبینم زۆر کەس هێرش دەکەنە سەر بنەماڵەو خوشکو ژن و دایکی سەر کردەکان هەزار جنێوی ناشیرین دەدەن بە بیانوی ئەوەی گوایە دژی گەندەڵێک قسە دەکەن، ئەوە کەی ڕاستە بە چی هەقێک کێ مافی بەمن داوە بەم شێوە باسی خەڵک بکەم سەرکردە بێت یان کەسیکی تر؟ من هەقم هەیە شتە نایاسایەکانی ئەو کەسە باس بکەم کە دەرهەق بە ڕۆلەکانی گەلەکەیان و بە رامبەر کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانمان دەیکات وەیان باسی دزی وگەندەڵیەکانی بکەم و کارە نامۆیەکانی تر دەرهەق بە گەل و نیشتیمان، بەڵام بێم دابەزم بە ڕاست و بە چەپ شەلم کویرم کەس ناپارێزم دەست بە موهاتەرات بکەم لەسەر خەڵک ئەوە جێی خۆیەتی ئیجرائاتی یاساییم لە گەل بکرێت.

بە نیسبەتی بنەماڵەی شەهید جەمیل ئێمە خەڵکی هەولیرین وە پەیوەندیمان زۆر بەهێزە لە گەڵ ئەو بنامالەیە لە گەڵ ڕێزمدا بۆیان من ناڵێم گیرانی ئەوانە کارێکی ڕاست بووە بەڵام ئەوەی من دەیزانم بە پێچەوانەی قسەکانی جەنابتە لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆی کچەکەی شەهید جەمیل کە سەفەری بۆ دەرەوە کرد بۆ خوێندن مامەکانی ڕازی نەبوون وە کە هاتەوەش لە هاوین ئەوان بوون نەیاندەهێشت بگەڕێتەوە بۆ خوێندن، خۆ کەس نەبوو بە زۆری زۆردار بڵێت دەبێ بە ئەمری یەکیتی تۆ دەبێ بگەڕییتەو هەنگاریا، ئەوان خودی خۆیان دژی مامەکانیان هانایان بردە بەر مەکتەبی سیاسی کە مامەکانیان وازیان لێبێنن گەر تۆش بوایت لە جیاتی کاک جەبارو دکتۆر ئەرسەلان لەوە کەمترت نەدەکرد بۆیان، بەڵام باسی ئەوە دەکەیت کە براکانی لە گەڵ ئالای شۆرش بوبن بۆیە یەکێتی ویستویەتی تۆڵەیان لێ بکاتەوە ئەوەیان زۆر قسەیەکی بێ بنەمایە کەی کاریکی وا کراوە بەرامبەر بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
6-9-2007 22:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کەسێک تر هەتاکو بەرامبەر براکانی شەهید جەمیل شتی وا بکریت من ڕاستی لەو بۆچونە نابینم، لە کۆتایی دا دەڵێم کاک شاهۆ هیوادارم تۆش بێیتە ئە و قەناعەتە کە لە کوردستان کەس نیە بێ لایەن هەمومان دڵمان بۆ لایەک لیدەدات زۆر یان کەم لەبەر هەر هۆیەک بێت، بەڵام جیاوازی هەیە لە کەسێک بۆ کەسێکی تر وە لە کاتی دەربڕینیشدا هەیە زۆر توند ڕەوە بەڵام واش ناکات کەس هەستی پێ بکات بۆ ئەوەی هەموو کەس گویی لێ ڕابگرێت و شتەکانی بخوێننەوەو بە کەسێکی بێ لایەنی بزانن بەڵام وەکوو مەسەلە کوردیەکەی خۆمان دەڵی (ئەگەر لەکین هەموو یەکین) پێویست ناکات کەس خۆی لیمان بکات بە فریشتە جلی بێلایەنی لە بەر بکات، لەگەڵ ڕێزمدا....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.